# دڵەڕاوکێی "عەدنان پاچەچی"، یەکێتی کرێکارانی کەنەدی و دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد

نووسینی بەکر ئەحمەد

19ی ئۆکتۆبەری 2003

ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط" لە 18ی ئۆکتۆبەری 2003دا، لە چاوپێکەوتنێکی زۆر کراوەدا لەگەڵ "عەدنان پاچەچی"دا، هەندێك لەو لایانانەی ئایندەی عێراقمان لە زمانی پاچەچییەوە دەخاتە بەردەست. با سەرەتا سەرنجێك لە وتەکانی پاچەچی بدەین و دواتر دێمە سەر ناوەڕۆکی ئەو باسەی کە من لەم وتارەدا بە شوێنیەوە دەبم.

دووشت پاچەچی لە دڵەڕاوکێدا ڕادەگرێت.

یەکەمیان: پەیوەندی بە باری ئەمنی عێراقەوە هەیە بە گشتی و بەغدادیش بە تایبەتی. .

دووەمیان: زیاتر ڕەهەندێکی ئایندەیی هەیە.

لە پەیوەند بە دووەمیاندا پاچەچی دەڵێت: "دڵەڕاوکێی ئایندەییانەم پەیوەندی بە بەرپرسیارانی باڵای دەوڵەتە تازەکەی عێراقەوەیە. ترسێك لەوەی کە هەندێك لە بەرپرسیارانی ئەم حوکمەتە بکەونە داوی گەندەڵی ئیداری و ماڵییەوە. چونکە عێراق لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆژەی دووبارە ئاوەدانکردنەوەدا، دەگۆڕدرێت بە گەورەترین وەرشەی کاری چالاك و فراوان. پرۆژەیەك کە ملیارەها دۆلار لەسەدان پرۆژەی گەورە و بچووکدا خەرجدەکرێت."

بۆ پاچەچی، چاو نووقاندن لە ڕێژەیەکی "مەعقول"ی فەسادی ئیداری و ماڵی، کارێکی شیاوە چونکە: " هیچ دەوڵەتێك نییە لە جیهاندا کە فەسادی ئیداری و ماڵی تیادا نەبێت"

بە بڕوای من ، ترس و دڵەڕاوکێی پاچەچی بەجێیە. لانی کەم لە پەیوەند بەو پێکهاتەیەی مەجلیسی حوکم کە مێژووی چەندین ساڵی ئۆپۆزیسیۆن بوونیان ، کارنامەیەکی گەورەی لە فەسادی سیاسی و ماڵی لە کارنامەیاندا تۆمارکردووە.

بەڵام هەر دڵەڕاوکێ و مەترسییەکانی پاچەچی، دەکرێ بە شوێنێکی ترمان بگەیێنێت لە پەیوەند بەو دڵەڕاوکێ و گوومانەی کە دەبوایە لەبەرانبەر یەکێك لە هێزە سیاسییە گەورەکانی عێراقدا، ناسیۆنالیزمی کورد دەبووایە هەبووایە. بە تایبەتی لە کاتێکدا کە بزووتنەوە سیاسییەکەی ناسیۆنالیزمی کورد بە ڕۆشنی لە بردنەپێشەوەی ئامانجی بزووتنەوەکەی خۆیدا هەنگاو هەڵدەهێنێتەوە و بزووتنەوە کولتورییەکی ناسیۆنالیزمی کوردیش لە "ناکووردبوون" بەولاوە هیچ ناوێکی تر نادۆزێتەوە بۆ تاوانبارکردنی ئەم هێزە سیاسییە. مەبەستی من لە بزووتنەوە کولتوریەکەی ناسیۆنالیزمی کورد، ئەو ماشێنە تەبلیغاتییە گەورەیەیە کە گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتەکانی ئینتەرنێتی پڕکردووە و هەر هەموویان وتەیەك دووبارە دەکەنەوە:" یەکێتی و پارتی کوردایەتییان لەبیرچۆتەوە و لە بەغدا دانیشتوون." یان:" ئەوان ئەمرۆ عێراقیین وەك لەوەی کوردوستانی بن:" ئەوەیشی کە

ماتۆڕی بەرهەمهێنەرەوەی ئەم بانگەوازەیە، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیە لە هەلومەرجێکدا کە بە پێی دیدوبۆچوونی زۆر کەس هیچ کاتێك "کورد" لەو توانایەی ئەمڕۆی بەهرەمەند نەبووە.

بۆیە من لەڕێگای سەرنجدانیکی ووردتر لە دڵەڕاوکێکانی پاچەچییەوە، خوازیاری دۆزینەوەی ئەو دڵنیاییە گەورەیە دەبم کە بزووتنەوە کولتووریەکەی ناسیۆنالیزمی کورد نایەوێت ببینێت و لە مەدالیای ناکوردبوون بەولاوە، هیچ مەدالیایەکی دیکەی نییە تا بەبەرۆکی دەسەلاتە سیاسییەکەی ناسیۆنالیزمی کورددا هەڵیبواسێت. دڵنیاییەك کە تیایدا عێراقی بوونی بزووتنەوە سیاسییەکەی کورد و داوانەکردنی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی، لە ناکووردبوونی ئەواندا نابینێتەوە و سەرنج بۆ کۆمەڵێك فاکتەری گرنگ تر رادەکێشرێت.

بەڵام ئایا بانگەوازی "ناکووردبوون"ی ڕابەرانی بزووتنەوە سیاسییەکەی ناسیۆنالیزمی کورد، گێڕەرەوەی چیرۆکی "کوردایەتی" نییە وەك ئەوەی لە دەرەوەی هەموو پێوەرە سیاسییە ئابوورییەکاندا ڕاگیرابێت؟ ئایا کوردایەتی چەمکێکی بێلایەنە و بەبێ کاریگەری بەرژەوەندییە سیاسیە ئابوورییەکانی گرووپە جیاوازەکان لە ئاسماندا هەڵواسراوە؟

بۆیە من لەم وتارەدا، لە گۆشەنیگای دڵەڕاوکێ ئاییندەییەکانی پاچە چییەوە، بە شوێن ئەو دڵەڕاوکێیەوە دەبم کە ناسیۆنالیزمی کورد هەیەتی. دیارە ئەویش بە سەرنجدان لە بینینی ئەو "کارخانەیەی کە ملیارەها دۆلاری تیا سەرفدەکرێت" و ناسیۆنالیزمی کوردیش دەبێتە یەکێك لە مقاولەکانی. واتا سەرنجدان لە دڵە ڕاوکێکانی پاچەچی لە گۆشەنیگای هەر هەمان ئەو دڵەڕاوکێیەوەی کە ئەگەر ناسیۆنالیزمی کورد لەم پرۆسەیەدا جێ بمێنێت، چی ڕوودەدات.

پرۆسەی گۆڕدرانی ئەحزابی سیاسی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد بە گەورەترین سەرمایەداری ناو بازاڕی ئازادی کوردوستان لە هیچ کەس شاردراوە نییە. خوێنەر پێویستی بە هێنانەوەی نموونەی بەرچاو نییە تاکو ئەم لایەنە هەست پێبکات. یەك بەیەکی خەدەماتە ئابوورییەکانی کوردستان، هاتووچوو، خزمەتگووزاری، تۆڕەکانی تەلەفۆنات، گەشتوگووزارییەکان، ڕێستورانە گرنگەکان، هوتێلەکان، بازرگانی هێنانی کالاّ و کەرەستەی پێویستی ڕۆژانەی ناو بازار، هەر هەموی لە دەستی ئەم هێزانەدایە. سەرمایەدارییەك کە لە کوردوستاندا لەکاردایە، نموونەکەی لە هیچ شوێنێکی دنیادا نییە. تەنانەت لەو زۆنە ئازادانەشدا کە کۆمپانیا گەورە نێونەتەوەییەکانی ئەمڕۆ لە هەندێ ولاّتی جیهانی بەناو سێدا دروستیان کردوون. چونکە لانی کەم لەم زۆنانەدا، لە ڕێگای سازمانی نیوەنەتەوەیی کارەوە، جۆرێك لە فشاری دەرەکی ئامادەیی هەیە تا لانی کەمی بڕیارنامەکانی سازمانی نێونەتەوەیی کار لە بازاڕدا ڕەچاو بکرێت. سەرمایەداری بازاڕی ئازادی کوردستان، بێڕەحمترین و خوێناویترین سەرمایەدارییەکانی ئەمڕۆی جیهانە. چونکە دەسەلاّتی سیاسی و دەسەلاّتی ئابووری یەك دەسەلاّتی میلیشیاییە و ئاسایش بە شەقی چەك نایەڵێت دۆلار دابەزێت.

بەڵام جیهانیبوونی سەرمایە و سەرمایەداری و پرۆسەی پەلهاویشتنی سەرمایە بۆ شوێنێکی تر بە مەبەستی قازانج، ئەگەر لە ئاستێکی لۆکاڵی بچووکیشەوە بێت بۆ ئاستێکی فراوانتری لۆکالی، یەکێك لە خەسڵەتە زاتییەکانی سەرمایەیە.
ئەمڕۆ سەرمایەی حزبی کوردی، لە پاش ڕووخاندنی ڕژێمەوە، لە ئاستانەی ئەم خۆئامادەکردن و پەلهاویشتنانەدایە. بگرە لێرە و لەوێش ، هەواڵی ئەم پەلهاویشتە گەورەیەی سەرمایەی کوردی بۆ سەرتاسەری عێراق لە بەغداد و بەسرە و موسڵ و شارە گەورەکانی تری عێراقدا، هەواڵێکی شاراوە نییە. هەر بۆیەش ئەم گواستنەوەیەی سەرمایە بۆ مەبەستی بە دەستهێنانی سوودی زیاتر، بۆ ناوجەرگەی ئەو "وەرشە گەورەیەی کە کە ملیارەها دۆلار لەسەدان پرۆژەی گەورە و بچووکدا خەرجدەکرێت."وەك ئەوەی کە پاچەی لێیدەدوێت، یەکێك لە کردەوە سروشتییەکانی ئەم سەرمایە حزبییە خۆڕێکخستووەیە.
بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دڵنیاییەی من، سەرنجدانێك لە خودی بزووتنەوەی حزبی ناسیۆنالیزمی کورد، پێویستە. هیچ حزبێکی سیاسی نییە لە دنیادا کە شوێن پێیەکی چینایەتی نەبێت و لە پۆلێنکردنە سیاسییەکانی جیهانی سیاسەتدا، تەنانەت بە پێوەرە لیبراڵیە بۆرجوازییەکانی خۆرئاواش بێت، دەبێ نوێنەرایەتی بەشێکی کۆمەڵگا بکات و لە سۆنگەی ئەم بەرژەوەندییە چینایەتییەوە سەرنجی کۆمەڵگا بدات. بلۆکی بۆرجوازی لە سویددا، ئاماژەیە بە کۆمەڵێك ئەحزابی جۆراوجۆر و ناوێکی ڕۆتینی بەکارهاتووی ڕۆژمەڕەی مێدیاکانی ئەم وڵاتەیە.
بەڵام بۆ ناسیۆنالیزمی کورد، ئەم ڕەهەندە چینایەتییە، لە ڕیزی نەبووانە و باس لێکردە نییە.
ئەوەی کە ئەم بێدەمووچاوییە بە شوێن پێی چینایەتی بزووتنەوەی حزبی ناسیۆنالیزمی کوردی دەبەخشێت، ئەو سیحرەیە کە چەمکی نەتەوە و ژێردەستە بوونی نەتەوەی کورد بە دەوری خۆیدا پەخشیدەکاتەوە. ناسیۆنالیزمی کورد لەناو ئەم کایە سیحرییەدا بەبێ هیچ گوومان دروست کردنێك یەکساندەکرێتەوە بە کورد و کوردیش دەکرێتەوە بە ناسیۆنالیزمی کورد. ئیتر کوردبوون خود بە خود دەگوێزرێتەوە بۆ سەرووی هەموو دابەشبوونە گەورەکانی کۆمەڵگا. هەر بۆیەش بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی ئەو بۆرجوازییەشی کە لە باری سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ئابووریشەوە لە پشت بزووتنەوە سیاسییەکەی ناسیۆنالیزمەوەیە، لەناو تەپوتۆزەکانی نەتەوەیەکی بێ چین و گرووپی دیکەی کۆمەڵایەتیدا ووندەبێت. کوردایەتی لە هەر گۆشەنیگایەکەوە سەرنجی بدرێت، بە تایبەت لە گووتاری ناسیۆنالیزمدا، بێ شوێن پێی چینایەتییەو ئەو گووتارەیە کە هەموو نەتەوە بەدەوری خۆیدا ڕێکدەخات. ئەمە یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی جیهانن و لە دۆخی ناسیۆنالیزمی کورددا، بەهۆی ژێردەستەبوونی ئەم نەتەوەیەوە، هێندەی تر بزووتنەوە سیاسییەکەی ناسیۆنالیزم بی ٚچین دەکاتەوە و وەك بزووتنەوەیەکی گشتی کۆمەڵ چاوی لێدەکرێت. هەر بۆیەش داواکردنەکانی بۆرجوازییەتی کورد وەك سەرلەشکری بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی و فیدراڵییەت، بە کوردایەتی باشنەکردنی ئەم هێزانە لێکدەدرێتەوە، نەك بە تەفسیری ئەو هێزە جیاوازانەی کۆمەڵگا کە هەریەکەیان لەم چەمکەدا مانایەکی بەرژەوەندییەکانی ئەو گرووپە دەدۆزێتەوە کە گرووپ نوێنەرایەتی دەکات بە بێ ئەوەی زەرەیەکیش لە ئینتیمای کوردبوونی خۆی کەمکاتەوە.

له كاتێكدا ئەم هێزانە چالاكانە بەشوێن بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی خۆیانەوەن و هیچ دوودڵی و گوومانێكیشیان لەبردنە پێشەوەی سیاسەتەكانیاندا نییە. تاقیكردنەوەی دوانزە سالی فەرمانڕەوایەتی لە كوردوستاندا بە زەقی ئەم بەرژەوەندی پاراستنەی بۆرجوازییەتی كوردی بە ڕۆشنی نیشانداوە.

لەمڕۆشدا كاتێك ئەم بەرژەوەندییە ئابوورییە سیاسییەی ناسیۆنالیزمی كورد لە زەحفێكی هەم سیاسی و هەم ئابووریدا, بەغداد دەكاتە پایتەخت و ئەسواق حرەی فرۆكەخانەی هێشتانەكراوەی بەسرە دەكرێت, ئیتر پرسیاری پێكهێنانی دەوڵەتی كوردی وەك پرسیارێكی سیاسی, دەكەوێتە مەنگەنەوە. بیهێنە پێش چاوی خۆت سەرمایەدارێكی گەورەیت و پەلهاویشتنی سەرمایەكەت وا دەخوازی ئەم شارە جێبێڵیت و لە شارێكی گەورە تردا سەرمایە بخەیتە گەڕ, كاتێك قازانجیش لە شاری دووەمدا, سەد بەرابەری شاری یەكەمە. چی ڕێگرە؟ ئەوانەیشی لە باری ئەخلاقییەوە ڕێگرن, دەتوانیت سەدان بەڵگەی بۆ بدۆزیتەوە. دەستەواژەی "برا عەرەبەكانمان" زادەی بەخۆداچوونەوەیەكی ئینسانی نییە كە ناسیۆنالیزمی كورد لە پرسیاری حەساری ئابووریدا خوازیاری مردنیانە لە ڕێگەی داواكردنی درێژكردنەوەی حەساری ئابوورییەوە و ئەمڕۆش بە چاوێكی ئینسانییەوە لێیاندەڕوانێت. بەڵكو برا عەرەبەكانمان , دەستەواژەی ئەم پەلهاویشتنە سیاسییە ئابوورییەیە بۆ پەیداكردنی مشتەرییەكی زیاتر لە بازاڕێكی سیاسی و ئابووری گەورەتردا كە لەبەردەم ناسیۆنالیزمی كورددا كراوەتەوە. بۆ ئەوەی ئەم لایەنە كەمێك ڕۆشنتر بێتەوە, حەزدەكەم سەرنجێك لەپرۆسەی پەلهاویشتنێكی دیكەی بزووتنەوەیەكی تری سیاسی بدەم.

لە گەرمەی ئەزمەی ئابووری نەوەدەكاندا, یەكێتی كرێكارانی كەنەدا بۆ "ڕزگاركردنی ئەوەی كە دەكرێت ڕزگار بكرێت", لەبەرانبەر پرۆسەی تایبەتیكردنی كەرتە گشتییەكانی ئەم وڵاتە و ئەو شەپۆلی بێكاركردنەی كە بە دوایدا هات, ئەڵتەرناتیڤی "بوون بە شەریكی خاوەنكارخانەكان" لەڕێگەی كڕینەوەی بەشێكی گەورەی ئەو كارخانانەی كە لە ئەزمەدا بوون, دەبێتە یەكێك لەو ڕێگاچارە سەرسوڕهێنەرانەی كە وەك ئەڵتەرناتیڤێكی دیكەی خەباتی دژی بێكاری بانگەوازی بۆ دەكرێت.
"كاتێك خۆمان دەبینە خاوەنی بەشێكی كارخانە, لە پرۆسەی دەركردنی كرێكاراندا ڕێگری پێكدەهێنین و ئەو كارە ڕوونادات ئەگەر كارخانە یەك خاوەنی هەبوایە.", ئەمە چیرۆكی ئەو ئەڵتەرناتیڤەی خەباتی دژی بێكارییە لە ولاتێكی وەك كەنەدادا. ئەمجۆرە خاوەنداریێتییەی یەكێتی كرێكاران بۆ بەشێكی كارخانەكان, لە دروستكردنی سایكۆلۆژیەتی بوون بە خاوەنكاردا, هەم لە ئاستی یەكێتی كرێكاراندا و هەم لە ئاستی ئەندامەكانیدا, مافی مانگرتن دەخاتە مەنگەنەوە. هاوكاتیش پڕووپاگەندی كڕینی سەهمی كارخانەی خۆ, بەمەبەستی بەرزكردنەوەی جێگاوڕێگای هەمان كارخانە لە بۆرسەدا, خەیاڵی مانگرتن لە زەینی كرێكار و یەكێتی كرێكاریدا دەسڕێتەوە. كاتێكیش من وەك نوێنەری یەكێتییە كرێكارییەكانی سوید بە مەبەستی لە نزیكەوە سەرنجدان لەم مۆدیلە سەردانی كەنەدام كرد, لە وەڵامی پرسیاری مندا بۆ ڕابەرایەتی یەكێتی كرێكارانی شەبەكات و تەلەفۆنات, كە

ئایا مافی مانگرتن بە کوێ دەگات,  لە وەڵامدا وتی:" ئێمە بە تەنگ ڕزگارکردنی کارەوەین, ئەوەی تۆ باسیدەکەیت یەکێك لە دەرئە نجامەکانی ئەم ئەڵتەرناتیڤەیە"

ئەم نموونەیە چیمان پێدەڵێت و چۆن پەیوەستدەکرێتەوە بە خواستی داوانەکردنی دەوڵەتی کوردییەوە لە لایەن ناسیۆنالیزمی کوردەوە؟

وەك کرێکارێك ماننا گرم تا سەهمی خۆم لە قازانجی کارخانەدا دانەبەزێنم. قازانجی زیاتری کارخانە, بە مانای بەرزبوونەوەی نرخی سەهمەکانی من لە بۆرسەدا. ئەم هاوکێشەیە بە جۆرێکی تر لە دۆخی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورددا کار دەکات.

بە بڕوای من, کاتێك بازاڕێکی گەورەتر دەبێتە چوارچێوەی هەڵسورانی ئەم سەرمایە حزبییەی ناسیۆنالیزمی کورد, گەڕانەوە بەرە و چوارچێوەیەکی تەسکتر کارێکی پێکەنینهێنەرە. لێرەدا مورالی سیاسی و ئەخلاقی کوردانە پێوەرن نین و ئەوە بەرژەوەندییە ئابووریەکانن بۆ بەرەوپێشتر کە بڕیاردەرن. داواکردنی دەوڵەتی کوردی بۆ ناسیۆنالیزمی کورد لەم ساتە وەختەی پەلهاویشتنی سەرمایە حزبییەکەی ئەودا بۆ بازاڕێکی گەورەتر کە سەرتاسەری عێراقە, بە مانای لە قاڵبدانی سەرمایەی خۆ لە چواراچێوەی دوو شار و چەند شارۆچکەیەکدا. لە کاتێکدا هەر چەند کیلۆمەترێك لە مەرکەزی سەرمایەکەی منەوە پارە ڕژاوە و بەشێکیشم لە دەسەڵاتی سیاسی ئایندەی عێراق. بۆ یەك سات وەك سەرمایەدار بیرکردنەوە, کارێکی سەخت نییە ئەم سیناریۆیە بهێنرێتە پێش چاو. هەر بۆیەش پرۆسەی شەریکبوون لە دەسەڵاتی سیاسی عێراقدا ئەگەر فیدرالیزمیش نەیەتە دی, دەبێتە ئەو خواستەی کە نەگەڕانەوە بۆ دواوە" داواکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ", دەکاتە یەکێك لە خاڵە جەوهەرییەکانی ئەو بەرژەوەندییە ئابوورییەی کە ئایندە دەیخاتە بەردەم ناسیۆنالیزمی کورد.

دڵەڕاوکێکانی پاچەچی بۆ بەربڵاوبوونی گەندەڵی سیاسی و ئابووری لە ئایندەی عێراقدا, دەکرێ بە دیوێکی تردا وەك دڵەراوکێی بۆرجوازیەتی کورد چاو لێبکرێت ئەگەر لە چوارچێوەی کوردوستاندا خۆی قەتیس کات. لە کاتێکیشدا, عێراق دەکرێتە گەورەترین کارخانەی سەرمایە گوزاری لە سەرتاسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام لە نێوان دڵەڕاوکێکانی پاچەچی و ناسیۆنالیزمی کورددا, تاکە دڵنیاییەك هەیە کە بازاڕە ئازادە کراوەکەی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق نیشانماندەدات. دڵنیاییەك کە کوردایەتی وەك چەمکێك و زاراوەیەکی سیاسی, دەستەواژەیەکی بێلایەن نییە و دەکرێ لە پشت مانا شاراوە نەبینراوەکانیەوە, ئەو هەنگاوهەڵگرتنە سیاسییە چینایەتییانە ببینرێت کە چەمکی نەتەوە وامان لێدەکات نەیبینین.